## بەشی سێیەم:

### کۆماری تازە بونیاد نراو

ماوەی چل ساڵی دوای شۆڕشی ئەمریکا، بەسەردەمێکی گرنگ و پڕ بایەخ دەژمێررێت لە مێژووی ئەمریکادا. لەم ماوەیەدا حکومەتی کۆماری پێکهێنرا، ناسنامەی نەتەوەیی ئەمریکا ئاشکرا کرا و، ئاراستەی گشتی سیاسەتی دەرەوە دەست نیشان و، حکومەتی مەرکەزیش چەسپا. گۆڕانکاریەکانی ئەو سەردەمەی ئەمریکا، چەند لایەنێکی سەرەکی دەگرێتە خۆ: لایەنگری بۆ حکومەتی مەرکەزی فیدراڵیزم بەپێی بنەما یاساییەکان و، دوورکەوتنەوە لە چەمکی هاوپەیمانی و کۆنفدراسیۆن، سەرهەڵدانی سیستەمی دو حیزبی، ڕاگەیاندنی سیاسەتی بێ لایەنی و، گۆڕانی فەرهەنگی کۆمەڵگەی ئەمریکی.

هێزی چالاکی کارکردن، کۆشش و هیوا، گەشبینی و متمانە بە خۆبوون، باوەڕ بەهەوڵ و تێکۆشانی تاك، ئەو ڕەگەزانەن کە ڕۆحی کۆمەڵایەتی ئەم سەردەمەی کۆمەڵگە پێك دەهێنن. ئەم سەرزەوییە پان و بەرینە، کە نەخاوەنی داب و نەریت و ڕێوڕەسمێکی بەخۆی بوو، نەبونیادە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی ئەوروپای وەك کڵێسەی دەسەڵاتدار، چینی خانەدان و، دەربارەی پادشایەتی تێدا بەرجەستە کرابوو، بەڵام ئامادەیی بەدەست هێنانی هەرجۆرە ئەزمونێکی نوێی بۆ دروست کردنی حکومەتی کۆماری و پەرەپێدانی دیموکراسی سیاسی، تێدا بوو. حکومەتی لاو و تازە پێگەیشتوو، پشت ئەستوور بە لێهاتوویی تاکەکان و بەهیوای دەست بەسەردا گرتنی ناوچە فراوانە بەپیتەکان و، بەئومێدی گەشەکردن و پێشکەوتن لە پێناو دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی نوێ، هەنگاوی نا.

پاش شەڕی سەربەخۆیی، ئەو بابەتەی کە مشتومڕێکی زۆری لەسەر کرا، هەمان مەسەلەی چەسپاندن و بتەوکردنی حکومەتی نوێ بوو. هەر لەسەرەتاوە دوو بیرۆکەی جیاواز لەنێو دەستەی بەڕێوەبردنی کۆماری دا خرانە ڕوو: یەکێکیان خوازیاری کەمکردنەوە و سنووردارکنی دەسەڵاتی زۆرینە و ئەوی تریان داوای بێ سنوور بوونی دەسەڵاتی زۆرینەی دەکرد. ئەو حیزبەی



کە داوای کەم کردنەوەی دەسەڵاتی زۆرینەی دەکرد، باوەڕی بە دامەزراندنی حکومەتێکی بەهێزی مەرکەزی ، بەپاڵپشتی کردنی چینی دەسەڵاتدار(**متنفذ**) هەبوو. ئەم حیزبە هەوڵی دەدا، بۆچوونەکانی خۆی لەنێو چوارچێوەی چەمکی حکومەتی فیدراڵیدا ڕابگەیەنێت و ، هەرلەبەر ئەوەش بە ((فیدراڵیست)) ناوبانگی دەرکرد. حیزبەکەی تر، کە داوای دەسەڵاتی زۆرینەی دەکرد و حەزیشی لە سنوور دارکردنی دەسەڵاتی چینی سەرمایەدار و گواستنەوەی دەسەڵاتەکان بۆ چینە کۆمەڵایەتییەکانی وەك جوتیار و خاوەن کارو پیشەکان بوو، بەحیزبی کۆماریخوازی دیموکرات ناوی دەرکرد، کە بنچینەو درێژە پێدەری حزبی دیموکراتی ئێستای ئەمریکایە.

هەندێك لە کەسایەتیە ناودارەکانی سەردەمی سەربەخۆیی، فیدراڵیست بوون.((جۆرج واشنگتۆن))، ((مدیسۆن)) و((هامیلتۆن)) باوەڕی تەواویان بە دەسەڵاتی دەوڵەتی فیدراڵی هەبوو هەروەها دەیانووت ئەرکی سەرەکی قانونی ئەساسی و حکومەتی کۆماری، پاراستنی مافی کەمینەیە لە بەرامبەر پاڵە پەستۆی دەسەڵاتی زۆرینەدا.((هامیلتۆن)) کە یەکێك بوو لە سیاسەتمەدارە دەسەڵاتدارەکان، بەڕاشکاوی ڕایگەیاند کە ((بنەماکانی کۆماریەت هەرگیز پێویست بەوە ناکات ، کە لە بەرامبەر هەڵکردنی بچوکترین خواست و ئارەزووی خەڵکی دا، خۆی بدات بەدەستەوە و یان بەپەلەو خێرا تەسلیمی ئەو هەڵچوون و شڵەژانەیان ببێت...کاتێك بەرژەوەندی ڕاستەقینەی میللەت بە ئاراستەی پێچەوانەی ئارەزووەکانی ئەو هەنگاوی نا، ئەوانەی کە میللەت ئەرکی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی پێسپاردوون، ئەرکی سەرشانیانە ڕوو بەڕوی ئەو هەڵە کاتیەی کە دووچاری میللەت بووە ببنەوە، تا ئەوکاتەی کە میللەت هێور دەبێتەوە و ئاسوودەیی و هاوسەنگی خۆی بەدەست دێنێتەوە.))

هەڵبەت(( بەژەوەندی ڕاستەقینەی میللەت)) یان((ئیرادەی میللەت)) لەو جۆرە وشانەن کە لەناو گروپە جۆراو جۆرەکاندا بەردەوام مشتومڕیان لەسەر کراوە. هەرچەندە کەسانێکی تریش هەبوو، کە بێدەنگی میللەتێکیان لەگەڵ ئیرادەی ئەو میللەتە لێك داوەتەوە یان وابیریان دەکردەوە کە خودی گوێڕایەڵی خەڵك، مافی حکومەتی بەئەوان بەخشیوە.((جفرسۆن)) کە یەکێکە لە سەرکردەکانی ئەمریکا و پشتیوانی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، لایەنگری مافی تێکڕای خەڵك و داوای یەکسانی کۆمەڵایەتی زیاتری دەکرد. ئەو باوەڕی وابوو،کە ئەگەر کۆمەڵگە لە دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراسی دا سەرکەوتن بەدەست نەهێنێت و دەرفەتی سوود وەرگرتن لە ئازادی بۆ گەلەکەی نەڕەخسێنێت، وورده وورده سەربەخۆیی لەو

